# کە سەرپۆشە سپییەکانی باشوور باڵیان گرت!

**ئاسکۆڵی مەلا ڕەسوڵ**

خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانیدا، خەباتی هاوبەشی ژن و پیاوی کورد بووە لە پێناو ئازادی و سەرفرازیدا. هیچ کاتێک ژنی کورد کەمتەرخەمی لە بەجێهێنانی ئەرکە نەتەوەییەکانیدا نەکردووە و نەک هەر خۆی خستۆتە مەترسییەوە، بەڵکوو زۆر ئازایانە لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کردووە. ئافرەتی کورد جگە لە کاری ڕێکخراوەیی هاوبەشی ڕاستەوخۆی براکانی بووە و ئازایانە لە مەیدانی شەڕدا جەنگاوە. ئاوڕێک لە مێژوو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت. خۆ دیوار و ژێرزەمینە ترسناکەکانی دەسگاکانی دەوڵەتی عێراق ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەسەلمێنن. هاوبەشیی قارەمانانەی ژنانی کورد لە شۆڕشدا لە هەردوو پارچەی ڕۆژهەڵات و باکووری وڵاتدا نیشانەیەکی تری پرشنگداری خەباتی ژنانە.

لە ژمارە ١٩-٣٠ گەلاڕێزان و سەرماوەرزی ٢٧٠٠ی کوردی و لە لاپەڕەی سێی (پەیام)دا وتارێکم بە ناونیشانی (دایکانی ئاشتی) لە نووسینی کاک کاوە ئەمین خوێندەوە. کە پشتگیری و ڕێزی خۆی ڕاگەیاندبوو بۆ ئەو دایکانەی کە بە ڕێپێوان لە باکوورەوە هاتن بۆ باشوور بە خۆیان و سەرپۆشە سپییەکانیانەوە، بە دەم هاوارەوە بۆ درێژەنەدان بە شەڕی کوردکوژی و ڕاگرتنی هەرچی زووتری ئەو شەڕە.

بێ گوێدانە دواڕۆژی ژیان و مەترسیی ئەو ڕژێمە دوژمنەی کە لە ژێر ڕکێفیدان کە تەنانەت هەناسەوەرگرتنیشیان پێ ڕەوا نابینێت، چ جای هەوڵدان بۆ نەمانی شەڕی کوردکوژی و یەکگرتنی حیزبە سیاسییەکان کە بە دڵنیاییەوە ئەوە گەورەترین مەترسییە بۆ سەر دەسەڵاتی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان. هەروەها لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێت: "تۆ بڵێیت ڕۆژێک دایکانی باشووریش ڕێپێوانێکی وا بخەنە ڕێ و سەرپۆشە سپییەکانیان بکەن بە ئاڵا و بە گڕ هەڵگیرسێنەرانی شەڕی کوردکوژیدا بچنەوە و بۆ هەتاهەتایە ئەو شەڕە لە گۆڕ بنێن."

سەرەتا دەمەوێت بڵێم دەستخۆش کاکە کاوە، خۆزیا بەردەوام پیاوان خەباتی ژنانیان بنرخاندایە و ڕێزیان بۆ هەوڵی ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵ دابنایە. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کە دایکان و خوشکانی شەهیدانی باشووریش ئەرکی وایان ئەنجامداوە. وەلێ بە داخەوە تا ئێستا کەس لێی نەدواوە. وا من لێرەدا لەسەر ڕێپێوانێک دەدوێم کە بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕی خۆکوژیی نێوان پارتی و یەکێتی ئەنجام درا.

هەر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا ژنانی باشوور دەستەوسان دانەنیشتن، بەڵکوو ڕێپێوانێکیان سازدا لە سلێمانییەوە تا هەولێر بۆ ڕاگرتنی شەڕی خۆکوژی و تەشەنە نەکردنی، هەر بەم بۆنەیەشەوە دەخوازم چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەو ڕێپێوانە ڕوون بکەمەوە تا هەم کاک کاوە و هەم خوێنەرانی (پەیام) و گەلەکەشمان لە ڕاستی ئەو کارە ئاگادار بن. بەڵام دەشێت بڵێم کاری ژن چەند مەزنیش بێت، هێشتا لای کۆمەڵی کوردەواری و کەسانی دەسەڵاتدار نرخی خۆی نادرێتێ و باسی ناکرێت.

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی ئەو شەڕە نەگریسەی نێوان پارتی و یەکێتی، ساڵی ١٩٩٤، دڵگرانی باڵی کێشا بەسەر هەموو کەسێکدا و برینەکان هاتنەوە سوێ. ئێمەی ژنانی کوردستانیش ئەو شەڕە بڕستی لێ بڕیبووین، چونکە زۆربەمان یان دایکی شەهید یان کچی شەهید یان خەسارەومەند و دڵشکاوی شەڕی چەندین ساڵەی کورد و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و شەڕی ناوخۆ بووین، هەموو هاوبەشی ڕابردوویەکی پڕ ئەشکەنجە و ئازار بووین. بۆیە دەبووایە هەر سەیرکار نەبین، خۆمان بە خاوەنی حەق دەزانی و دەبوو بە هەر شێوەیەک بێت هاوارمان بگاتە سەرکردەکانی شەڕ. چونکە ئەوەی دەکوژرێت باب و برا و مێرد و کوڕمانە.

ئێمە زۆرجار، بە تایبەتی لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕدا، هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی و بەڕێز مام جەلالیشمان دەدیت. کە لەم بارەیەوە لەگەڵیان دەدواین ئۆباڵی شەڕیان دەهاویشتە ئەستۆی پارتی.

بەهەرحاڵ ئێمەش بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی یەکێتیی ژنانی کوردستان ـ لقی سلێمانی لە کۆبوونەوەیەکەدا ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٢٣ بڕیاری ڕێپێوانێکمان دا کە لە سلێمانییەوە خۆمان بگەیێنینە ناو پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر، چونکە ئەوێ بە پیرۆزترین شوێن لای هەموو کوردپەروەرێک دەژمێردرێت.

ئەوەش نەک هەر بە تەنیا ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیی ژنان، بەڵکوو لە ڕێی بانگەوازێکەوە لە تەلەفزیۆنەوە. داوا لە دایکان و خوشکان بکەین گەر ئەم هەنگاوەیان بەلاوە پەسەند بێت هاوبەشیمان بکەن و سەرلەبەیانی ڕۆژی ٩٩٤/٥/٢٤ لە بارەگای یەکێتیی ژنان ئامادە بن. بەم شێوەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕێک کەوتین و ڕێ و شوێنمان بۆ دانا و بووین بە چەند بەشێکەوە. چەند کەسێکمان دانرا بۆ پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی تری ژنانەوە لەناو شاری سلێمانی بۆ ئەوەی گەر پشتگیریی ئەو هەنگاوەمان دەکەن هاوبەشیمان بکەن. چەند کەسێکیش لە بەشی ڕاگەیاندن ئاگادارییان گەیاندە تەلەفزیۆن و داوایان کرد کە چەند جارێک بانگەوازەکەیان بۆ پەخش بکەن. هەروەها

> با خەباتی گەلی کورد و قوربانییەکانی ببنە ڕابەر و ڕێپێشاندەری سەرکردە و پارتییەکان و هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە کوردستاندا بدەن. بیسەلمێنن کە ڕابەرایەتیی تاکەپارتی باوی نەماوە و سەرۆکپەرستی بۆتە عەیبە.

برووسکەیەکیشمان بۆ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی ژنان کرد و لە پێشنیارەکەمان ئاگادارمان کردن. ئەگەرچی ڕەخنەشمان هاتە سەر، بەڵام ئێمە لەسەر وەڵامی ئەوان ڕانەوەستاین و چاوەڕوانی موافەقەتی ئەوانمان نەکرد. منیش کە ئەو کاتە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە بووم چووم بۆ مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانی تا لە بڕیارەکە ئاگاداریان بکەم لەبەر ئەوەی ئەوان چ ئەو کاتە و چ ئێستاش بە کاری ئیداری و سیاسیی ناوچەکە هەڵدەستن. بڕیارەکەی خۆمانمان بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند ڕاگەیاند، بەڵام ئەوان ڕایان لەسەری نەبوو و بەبێ کەڵکیان دەزانی. پاشان هەوڵماندا پارێزگاری سلێمانی ببینین و ئاگاداری بکەین هەرچەندە ئەو ڕۆژە لە شاردا نەبوو، بەڵام بۆ شەو بە تەلەفۆن ئاگادارمان کرد و پێشنیاری ئەوەشمان بۆ کرد کە ڕێکخراوە بیانییەکان لەو هەنگاوە ئاگادار بکات تا بەڵکوو ئەوانیش پشتگیریمان بکەن.

بەم شێوەیە سەرلەبەیانی ڕۆژی ٩٩٤/٥/٢٤، دووسەد و چوار (٢٠٤) ژن ئامادە بوون کە زۆربەیان بۆ یەکەم جار بوو بێنە بارەگای یەکێتیی ژنان و هەمووشیان کەسوکاری شەهیدانی گەلەکەمان بوون. بە داخەوە لە کاتی بە ڕێ کەوتنیشماندا هیچ ڕێکخراوێکی بیانیمان نەدیت جگە لە ژن و پیاوێکی بیانی نەبێت کە پێشتر دۆستی ڕێکخراوەکەمان بوون. ژنەکە خوا لێی خۆش بێت بۆ تەنیا ساتێکیش سواری ئۆتۆمۆبیل نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ ئێمەدا کەوتە ڕێ و هەموو قاچی بوو بە بڵق و داماڵرا. زۆربەی ئەو ژنانەی لەگەڵمان بوون تەمەنیان سەروو ٥٠ ساڵ بوو بە درێژایی ٥ ڕۆژ بە پێ ڕۆیشتن، لەناو شاری کۆیە و هەولێریشدا هەندێک ژنی تر لەگەڵمان هاتن و هاوبەشییان کردین. ڕوومان کردە بارەگای پەرلەمانی کوردستان و دەرگامان پێ کردنەوە و ١٨ ڕۆژ لەناو پەرلەماندا ماینەوە. داوامان دەکرد کە ئەندامانی پەرلەمان گوێمان لێ ڕابگرن و گوێ لە سەرکردایەتیی حیزبەکان نەگرن و ئەوان کێشەکان بەلادا بخەن و چارەسەریان بکەن.

بەڵام بە داخەوە بێ سوود بوو بڵاوەیان لێ کردبوو تەنیا ئەوانەی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی هاتوچۆیان دەکرد. لە ماوەی ئەو ١٨ ڕۆژەدا گەلێک لە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی کوردپەروەر هاتنە پشتگیری و یارمەتیدانمان جگە لە برایانی پارتیی دیموکراتی کوردستان! هەر لەوێ بڕیارماندا خۆمان بچینە بارەگای بەڕێز مەسعوود بارزانی و ئەندامانی لیستی زەردی پەرلەمان ببینین، بەڵام بە داخەوە بێ سوود بوو و بە قسەیان نەکردین بێنەوە ناو پەرلەمان و نەشمانتوانی بەڕێز کاک مەسعوود ببینین. لەبری ئەوە و تەنیا بۆ گلەیی لەسەر خۆ لابردن بەڕێز کاک عەلی عەبدوڵلای ناردە لامان و دەشیا وت: "ئێوە یەکێتین و یەکێتی ناردوونی." کە بە هیچ جۆرێک وا نەبوو. بەڵام گریمان یەکێتی ناردبووینی خۆ بۆ ئاشتی چوو بووین؟! دەبووایە بە چاوێکی تر سەیری هەوڵی ئەو هەموو دایک و خوشک و کچی شەهیدەیان بکردایە.

دیارە ئێمە نە ئەوساش و نە ئێستاش گلەیمان لە سەرکردایەتیی پارتی نەبووە، چونکە زۆر بە ڕاشکاوییەوە سەرکردایەتیی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بڕوایان بە توانای ژن نییە جا ئەو ژنە هەر کەسێ بێت؟! هەرگیز گوێیان بە قرچەی دڵی دایکی شەهید نەداوە، چونکە گەر هەستییان پێ بکردایە بۆ تەنیا ساتێکیش شەڕی خۆکوژییان نەدەکرد.

تاوان نییە خوێنی هەزاران هەزار شەهید کە شێرانە لە سەنگەری بەرەنگاری دوژمندا شەهید بوون بە فیڕۆ بڕوات؟!

ڕاستە چواردەوری کوردستان گورگی هارە و شەو و ڕۆژ لە داونانەوەدان بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد و ئەگەر لە کونی دەرزیشەوە بۆیان بلوێت دەیانەوێت جەزرەبەیەک لە کورد بدەن. ئاشکراشە ئەم بارەی کە ئێستا بۆ خوارووی کوردستان لە پاش جەنگی کەنداوەوە بە یارمەتیی دەوڵەتە زلهێزەکانەوە ڕەخساوە، کە دیاریشە لەبەر چاوی ڕەشی کورد نییە، بەڵام ڕەنگە لە مێژوویەکی نزیکدا هەلی وامان بۆ نەڕەخسێتەوە. خۆ ئەگەر هەر لایەنە و پیلانی دوژمنێک جێبەجێ بکات ئەوا خەرمانمان بە یەکجاری دەسووتێت و ڕووناکیمان لێ دەبڕێت و ڕەنجمان بێوەر دەبێت.

بۆیە دایکی شەهید مافی خۆیەتی هەرچییەک بڵێت و داوا لە سەرکردایەتیی حیزبە سیاسییەکان بکات کە چیتر خەتای یەک نەگرن. گرنگ نییە کێ خەتابارە بە قەدەر ئەوەی کە کێ لێبووردنی هەیە و سوود و بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان دەخاتە پێش سوود و بەرژەوەندیی خۆی و پارتەکەیەوە.

هەر یەک لە سەرکردەکانی ئێمە دەتوانن گەر بیانەوێت (نیلسۆن ماندیلا)یەک بن، ئەو سەرکردە قارەمانە ئەفریقییایەی کە بە خەباتی نەپساوەی خۆی بووە هێمای خۆشەویستی گەلەکەی و سەرتاسەری جیهان.

با خەباتی گەلی کورد و قوربانییەکانی ببنە ڕابەر و ڕێپێشاندەری سەرکردە و پارتییەکان و هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە کوردستاندا بدەن. بیسەلمێنن کە ڕابەرایەتیی تاکەپارتی باوی نەماوە و سەرۆکپەرستی بۆتە عەیبە.

دواجار دەڵێم گەر شۆڕشی کورد هەر لە سەرەتایەوە بە بەشداریی ژن ئاوێتە بکرایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆر لە ئێستای باڵاتر و چەسپاوتر دەبوو، ئەگەرچی ژن درێخی نەکردووە و لەو پێناوەدا قوربانیی زۆری داوە، ئەگەر نەخرابێتە پەراوێزەوە و تەریک نەکرا بێت.

نێر و مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لە زیللەت مەل بە باڵێ نافڕێ

**بێکەس**

هۆڵەندا

---

# چاوخشانێک بە ڕاپۆرتەکەی "ئەمنستی ئینتەرناشناڵ"دا بە بۆنەی (٨ی مارس)ەوە*



**تابان کەمال**

گەرچی لە ٨ی مارسی ١٩١٠دا خاتوو کلارا زیکتین لە کۆبنهاگن لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا سەرنجی ئامادەبووانی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو ڕۆژە بکرێت بە ڕۆژێکی تایبەت بە ژنان و گشت ساڵێک یادی بکرێتەوە، بەڵام دوای ٦٥ ساڵ لەو ڕۆژە (واتە لە ٨ی مارسی ١٩٧٥)ەوە ئەم ڕۆژە لە لایەن (UN)ەوە کرا بە ڕۆژی ژنان.

ئەمڕۆکە ٢٦ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێت، کەچی ئەو بارودۆخەی کە ژنانی تێدایە گەر لەو ڕۆژە خراپتر نەبێ ئەوا بێگومان لەوسا باشتر نییە!

بەپێی ڕاپۆرتەکە باری ژیانی ژنان (لە هەموو دنیادا) و (لە هەموو ڕوویەکەوە) بەرەو خراپی دەڕوات.

ژنان ڕۆژانە لە لایەن، مێرد، دۆست، باوک، برا، کوڕ، کەسوکار و خزم، خاوەنکار و دراوسێ و بێگانەوە، دەکوژرێن، تەعەدایان لێ دەکرێت، ئەتک دەکرێن، سووکایەتییان پێ دەکرێت، مافیان دەخورێت و هەقدەستی کاریان پێ نادرێت و ئازادیی تاکەکەسیان پێشێل دەکرێت.

ئەو ئامارانەی کە ئەمنستی و خاچی سوور خستوویانەتە ڕوو، مایەی شەرمەزارین بۆ مرۆڤایەتی!

بەپێی ئامارەکان، بە لایەنی کەمەوە ڕۆژانە (٢٠٪)ی ژنان تەعەدایان لێ دەکرێت (بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ـ لە لایەن باندەکانی قاچاخچێتیکردن بە ژنانەوە ـ کڕدراون یان فرۆشراون.

خاچی سوور، (لاقەکردنی)ی وەک چەکێکی کاریگەری جەنگ و ناکۆکییە (ڕەگەزی و دینی و تایەفییەکان) پێناسە کردووە! گەرچی ژنان کەمتر بە دیل دەگیرێن، بەڵام لاقەکردن هەمیشە وەک چەکێکی کوشندە دژ بە دوژمن بە کار هاتووە!

ئەمنستی و خاچی سوور، سەرنجمان بۆ (ئەتککردن) ڕادەکێشن. ئەتککردن، یەکێکە لە شێوەکانی سزادان کە دژ بە ژنان بە کار دەهێنرێت. زۆرجار ئەتککردنەکە کوشندەیە، یان دەبێتە مایەی پەککەوتن و ئیفلیجبوونی تا مردن! ئەم جۆرە سزایە لەم ساڵانەی دواییدا لە زۆر شوێن دژ بە ژنان پیادە کراوە.

ئەمنستی، وێنەی «کەژاڵ خدر»ی وەک دیارترین نموونەی ئەتککردن نیشانداوە. (کەژاڵ، لە لایەن مێرد و کەسوکاری مێردەکەیەوە، وەک سزای ـ *خیانەتی ژن و مێردایەتی* ـ(!) لووتی بڕاوە).

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، تەعەداکردن لە ژنان هەر لایەنی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو لایەنی تەکنیکیشی هەیە واتە دەسگا یاساییەکانیش (وەک پۆلیس و دادگا) هێندە بە تەنگ ئەو جۆرە شکایەتانەوە نایەن، کە لە لایەن ژنانەوە دەکرێن. (چ پۆلیس و چ دادگا، لە دیدی پیاوانەی خۆیانەوە ئەو مەسەلەیە بە هێند ناگرن!) دیسان ڕاپۆرتەکە بەشێکی بۆ (خەتەنەکردن) تەرخان کردووە.

خەتەنەکردن تیرۆرێکی ترە دژ بە کەسایەتیی (کچان و ژنان) دەکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کە ساڵانە ئەم تیرۆرە دژ بە (٢ ملیۆن) کچ و ژن پیادە دەکرێت، تەنیا لە «میسر» (٢٥٪)ی کچان و ژنان خەتەنەکراون!

دوابەشی ڕاپۆرتەکە بۆ تەعەدا و توندوتیژیی دژ بە ژنان لەناو ماڵدا تەرخان کراوە. بەپێی لێکدانەوەی ڕاپۆرتەکە، ئەم جۆرە تەعەدایە لە هەموو جۆرەکانی تر بەربڵاوترە، لەبەر ئەوەی لەودیو دیواری ماڵەکانەوە ڕوو دەدات و کەس مافی خۆتێهەڵقوورتاندنی نییە!

«پیتەر ئەیدە» سکرتێری گشتیی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ـ نەرویج، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا دەڵێت: "دەبێت حکوومەتەکانی جیهان، کێشەی ـ تەعەداکردن لە ژنان لەناو ماڵدا ـ بە کێشەیەکی زۆر جدی بگرن و گۆڕان لە یاساکانیاندا بکەن بە شێوەیەک کە ئەم کێشەیە لە مەسەلەی شەخسییەوە بکەن بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دەسگا یاساییەکان مافی خۆتێهەڵقورتاندنیان لەم مەسەلەیەدا هەبێت."

*ڕاپۆرتی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ـ نەرویج، بە بۆنەی ٨ی مارسی ٢٠٠١